پشتوا هورامانی: مەسرور بارزانی نەسەر شێوی قبوڵکردوەو نەلەئایندەش دەیکات



پشتوا هەورامانی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، کشەکانمان چارەسەر دەبن، هەر حەق سەردەکەوێت و مەسرور بارزانیش نەسەر شێوی قبوڵکردوەو نەلەئایندەش دەیکات و دەشڵێت، "کوردستان و گەلەکەی داهاتویەکی پرشنگدار چاوەڕوانییەتی".

پشتوا هەورامانی لەپەیامێکدا باسیکردوە، "کشەکانمان چارەدەبن، هەر حەق سەردەکەوێت، مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان نەخێی و نەپشخێی و نەپشتریش، نەسەر شێوی قبوڵکردوەو نەلەئایندەش دەیکات، ئیتر کە زەلیلی قبوڵەبا هەر لەو زومرەیەبێت و ناوی هەر لەناو سەر شێان بارزبێت".

راشیگەیاندوە، "کوردستان و گەلەکەی داهاتویەکی پرشنگدار چاوەڕوانییەتی، ئەوانەشی سەنگەری بەرگری و مافی گەلی خیان بەردەدەن نەفرەتی مێژو چاوەڕیان دەکات".

دەشڵێت، "60 ساڵەبرسیکردن و قڵکردن وەکو قەزەونترین ڕێگا بەکاردێت ئەنجامەکەشی یەك شت بوە، گەلی کوردستان سەربەرزتر و بەهێزتر بوە".

ئەوەش لەکاتکدایە ئەمە بەنوسراوێك سەبارەت بەموچەی مانگی (ئایار/5)ی موچەخۆرانی هەرێم، وەزارەتی دارایی عێراق، وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دایەوە و رایگەیاند، شایستەی دارایی هەرێم لە بودجە تەواو بوە، هیچ بڕە پارەیەك رەوانە ناکرێت.